نەژاد عزیز سورمێ

# ساوی شتان لە فۆتۆگراف دا

# ساوای شتانە لە خۆزگەکاندا

شیعر

نەژاد عەزیز سورمێ

کوردستان
2008

* ساوی شتان له فۆتۆگرافدا
* نەژاد عزیز سورمێ
* دەرهێنانی هونەریی: نووسەر
* جێبەجێ کردنی: شکار نەقشبەندی
* تیراژ: 1000 دانە
* چاپی یەکەم 2008
* چاپخانەی خانی - دهۆک

## تێبینییەک
## لە نووسەرەوە

ئەمە گردوکۆی چەند کورتە وتارێکە دەربارەی هونەری فۆتۆگراف، لەکاتی خۆیدا بە زنجیرە لە گۆڤاری (تاو)دا بڵاوکراونەتەوە، وتارەکان زیاتر لە گۆشەنیگاو لێڕامانی نووسەرەوە سەرچاوەیان گرتووە تا لەبەر کشانەوەو تیووراندن...
هەر بۆ ئاگاداری خوێنەرانیش زۆربەی وێنەکان نووسەر لە ڕێگای ئەنتەرنێت و ئارشیڤی تایبەتی خۆیەوە پەیدای کردوون و لە هەمووشیاندا هەوڵی داوە لەگەڵ ناوەرۆکی نووسینەکاندا بێنەوە.



(1) له كه‌نار ده‌ریادا

# 1

گرفتی ئاڵۆزی هاوێنەی کامیرا لەوەدایە، لە دەست کەسێکدا بێ لە زمانی بێدەنگی و نەشئەی ڕۆژپەڕو نمەی باران و زڕەی زنجیر نەگا، بەوەی دیمەنی گیراو لە (تاو) ێکی دیاریکراودا ئەگەر لە هەموو ئەو ئاراستانەی سەرەوەدا هەڵنەکێشرا بوو، وەستانێکی بێ ماناو بێ بزاڤ و جووڵە دەردەبڕێ و هیچیتر، چوون وێنەی فۆتۆگراف هەر لە خۆیدا



(2) باخچەی گۆڕستان



(3) دیمەنێک لە ژیانی سادەی لە دەستچوومان



(4) کۆلاژ

دوور لە ڕامان و ڕوانگەیەکی نەخشە بۆ کێشراو ـ وەستاندنی جووڵەیە کە جەوهەری بوون پێک دەهێنێ. بە دیوەکەی دی، وێنەگری کارامەو ڕوونبیرو تەکنیکار، گیان وەبەر بێ گیانان دێنێ. لەوەڕا ئێمەی بینەر هەست بەو ساوە دەکەین کە زیاتر لە کسپە دەچێ تا ئەو ساوەی بە لووس و زبر ناسیومانە، دیارە لێرەدا ئەوە مەبەستی ئێمە

نییە..
وێنەی فۆتۆگراف هونەرە و بێگومان نهێنی خۆی تێدایە، دیارە جوانترین هەستیش لە هونەردا لە نهێنییەکانیدایە، ساوی ئەو شتانەی لە وێنەدا دەردەکەون هەمیشە ڕاماندەکێشن و زۆر یادگار و بەهای ئینسانیمان لەلادا دەورووژێنن بێ ئەوەی تێیان بگەین کە هەر ئەمەشە ئەو ساوە ڕاستەقینەی بە ڕۆحمانەوە دەنووسێ.




(5) نامە



(6) دڵۆپێک ئاو ـ تێلدڕ

# 2

ئەگەر گرتەی فۆتۆگرافی سەبارەت بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای کامیرا و هاوێنەوە لە چاو تابلۆیەکی هونەری هەمان گرتەدا، ساکارو بێ تەوژم بنوێنێ، وای نابینم ئەمە هەموو ڕووی ڕاستیەکە دەربڕێ، بەوەی فۆتۆگرافیش بەدەستی وێنەگری هونەرمەندو بەرهەست، لەو ژان و وێکهاتنەوە دەروونییەوە بەدەر



(1) دونیای ڕەنگ

نابێت کە زۆرجار یادەوەرییەک یا ڕووداوێکی دیاریکراو دەیخولّقێنێ... هەر لێرەشدا ئەو دیمەن و شتانەی لە گرتەکەدا دەردەکەون ساوێکی تایبەت بە خۆی پێدەبەخشێ...

زۆرجار وێنەیەک لەو وێنانە بۆ بەرامبەر (وەک کاردانەوەی بینین) دەبێتە دڵنەوایی و سەلوایەک... مەرجیش نییە ئەو گرتەیەی هەمیشە



(2) تاقانە



(3) دەسکی تەوریش هەر دارە

کاردانەوەیەکی پێشڤەبڕی دەبێ، لایەنی درەوشاوەو گەشی ژیان دەربڕێ.. بەپێچەوانەوە ڕۆژانە لە گرتەی لەو چەشنەدا هەڵدەنگوین کەچی هەست بە(ساو)یان ناکەین، لە کاتێکدا گرتەیەکی دیکە کە(ساو) ێکی تۆقێنەرو خەمبارمان دەداتێ، دەبینی یەکسەر، ڕەنگە بێدەستی خۆمان، بەرەو ڕەهەندێکی شوێنکاتیی کاریگەرمان دەباو ساوی وێنەکە بێ پاسپۆرت لەناخی ناخمانەوە دەسوێ و بازوبرد خۆشییەک داماندەگرێ بەڵام وەک لەناوەوە دەیخوێنینەوە، ئەو خۆشیەی دەمانداتێ خۆشیەکی سرووشتی نییە، خۆشیەکە لە پەرۆشیەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئەمەش بەشێکە لە ڕاگرتنی باڵانسی مرۆڤبوونمان.. کەواتە ساوی وێنە ئالێرەدا ڕۆشنایی ئامانجدارو دڵگەرمی



(4) سەردێری هەواڵەکان



(5) چرای دیۆجین

هەستبەخۆكردنمان پێدەبەخشێ
بەوەی مرۆڤین... کە ئەمەش
ڕەوتێکی نەگەڕ نییە لە
بەردەوامبوونماندا لە خودی
ژیان..
لایەنێکی دیکەی وێنەی
فۆتۆگرافی کە لە کوانوویەکی
ئاوەدانەوە دێ و ئەو کەش و
هەوایەت لا دروست دەکا
هەست بە ساوی ناوەوەی
بکەی، نیازی خودی وێنەکە یا
ڕاستتر (گرتە)کەیە لە
ڕواڵەت و واتای بەسام و
هەیبەتیدا کە هەندێ جار بە
ڕوناهی و تاریکی هەندێ
جاریش، سێبەرو ڕۆشنایی
دەردەکەوێ.. لەگەڵ هەموو
ئەمانەشدا زۆرجار ساو تەنیا
ئەوانە دەتوانن بیبینن و
هەستی پێ بکەن کە کلیلی
کردنەوەی دەرگاکانیان پێیە..
با لەوەشدا شاش نەچین پێمان
وابێ ساوی شتان تەنیا لە
گرتەی گرێچن و دەربڕی
تێکچڕژاوی و پیرۆزگری و



(6) هێز



(7) تەڵەی مرۆڤ


شاباش لێداندا دەردەکەوێ.. نابەڵەدی و حاڵینەبوونمان لە ساو لەوەدایە کە پێمان وابێ ساوی بەهێزو سەرنجڕاکێش بە تەنیا لەوان گرتانەدایە... کە لە واقیعی حاڵدا ساوی بەهێزو لە یادەوەریدا جێگیر هەمیشە لە گرتەیەکدا دەردەکەوێ لە قووڵایی سادەیی و هەڵبژاردنی ئەو گۆشەیەدایە هاوێنەی ئاراستە دەکرێ.. دیارە وەک لە ئەڵقەی پێشووشدا گوتمان پاشخانی وێنەگر لە ڕووی ڕۆشەنبیری و تەکنیکاریدا بێگومان ڕۆڵی خۆی لەمەدا دەبینێ.....



(8) لەودیو میناوە




(9) کە تەکنەلۆژیا خوێنی لەبەر دەڕوا



(1) دڕک

## 3

وێنەگر وێنەی ئەوە دەگرێ کە هەیە ، ئەو.. واتە وێنەگر ڕەنگە هەڵویستی لەبەرابەر کێشەکانی ژیاندا وێنەی هەڵویستی شێوەکاران بێ.
بەڵام بێگومان لە تواناییدا نییە هەڵسوکەوتی بە هەڵسوکەوتی هونەرمەندی شێوەکار بچوێنێ.. ئەگەر لە هەڵبژاردنی گرتەکانیدا هەستی ئەو(ساو)ەمان نەداتێ.
دیارە سرووشتی فۆتۆگرافیش

که بەهەموو مانایەک لە هونەری بینین تێناپەڕێ، ئەگەر ئەو(ساو)ە بەرهەستە ڕسکاو و بەتاوەی تێدا بەرجەستە نەبێت... لە گرتەی سیماییێکی ڕاماناوی شکۆدارەوە بگرە تا بەهەموو ئەو شتە سادەو بەرچاوانە ڕا دەگا کە ڕۆژانە دەیانبینین، بەڵام لە خۆیاندا دڵنشین نابن، ئەگەر هاوێنەی وێنەگری کاراو کارامەی ئاراستە نەکرێ..

فیتەرێک لە کاری ڕۆژانەیدا چەند جار لەو کەلامسانە هەڵدەنگوێ؟

دەرزی و داوو قۆپچە لەخۆیاندا، یا کۆمەڵە گوێزێکی سپیکراوی وەرزی گوێز داکوتان..

یا قژێکی درێژی پەخشان، یاخود قاچی منداڵێکی ساوا، یا ئاگری گاز و... تاد.

ئەوانە کە نموونەن بۆ هەزاران هەزار شتی دیکەی دەوروبەرمان، ئەگەر لە جێی خۆیاندا سەیر بکرێن، تەنانەت



(2) سەردەمێک هەناریشمان هەبوو



(3) کەلامس

خـتـــووکـــەیـــەکـــیـــشـــیـــان لێ ناکەوێتەوە، لە کاتێکدا وێنەگر بـە کـارامـەیی لـە هـەڵـبژاردنی کـات و سات و گۆشەی هاوێنە تێـکـردنـدا ڕەنـگـە خـەیـاڵی بێ سنـوورت بۆ بـخـوڵـقێـنێ... کە هەر ئەوەشە دەکرێ بە (ساو)ی بـنـاسـین، کـە لـەوانـەیـە کۆڕی سـاردی یـەکـتـەنـیـمـان گـەرم بکات و لاسەنگیمان، ئەگەر بۆ تاوێکیش بێ، ڕاستکاتەوە..
خـەیـاڵـت دوور نـەڕوا و بـە نابەڵەدم مەخوێنەوە ئەگەر ئەو پـرۆسـەیـە بە پـەیـوەنـدی نێـوان شـیـعـرو زمـان ببینم، (لـەگـەڵ پـارێـزوەرگـرتـنـیـشم لـەبـەر ئاستانەی مەزن و بەسامی شیعر لەو پێچوواندنەدا)
گرتەی فۆتۆگراف، کە دەستێکی هونەرمەندی لەپشتەو وێنەی جوولەدارت لە ڕاوەستاویدا دەداتێ، شیعریش لەپیشەسازی خولقاندندا پەیکەری بونیاتی خۆی بـەهێـزو بـازووی زمـان هەڵدەنێ..




(4) لە وەرزی داکۆتانی گوێزدا



(5) ساتێک بۆ دۆشین

لێرەوە نەوای (ساو) لە گرتەیەکی فۆتۆگرافیدا ڕاماندەگرێ..
ئەو کاردانەوەیەش مەرج نییە لە ڕووکەشی گرتەکەدا دەربکەوێ، بەڵکو زۆرجار بەو هاوکێشە لاسەنگانەوە بەند دەبێت کە لای هەندێکمان سەبارەت بە زۆر هۆو ئەگەران لەگەڵ بینینی گرتەیەکی دیاریکراودا دەمانورووژێنن و لە ناخی ناخمانەوە هەڵدەقەنێین و ختووکەی تەنیاییمان دەدەن..
ئەمەیە بەشێک لە کاری کردەی (ساو) کە لە گرتەیەکی فۆتۆگرافدا : بێ تیشک، بێ بریقە، بێ کەروێشکە، لە بەرابەر ڕۆحی تینوومماندا (وەک مرۆڤ) دەدرەوشێتەوە..
ئەم (ساو)ە لەو نامانە دەچن ڕۆژانە دەیاننووسین و نایاننێرین.



(6) پێویستە قوپچەکانمان توند بن



(7) دوا هەنگاو



(8) رامان



(1) سۆزی خۆشەویستی ـ کە ئێستا واپێ دەچێت باوی نەمابێ

# 4

ڕۆشنایییەکی دیکە کە ڕووبەندی ساو لەگرتەیەکی دیاریکراودا، ژیانی لەگرێژنەچوومان دێنێتەوە جێ، ئەو هەستە تژی ئەو خەمە خۆشانەن کە لە یادەوەرییە تاڵ و شیرینەکانمان دا خۆیان دەنوێنن..

پەلە مەکە، ئێستا تەرحی ئەو تەوژمەت بەبیر دێنمەوە..

من لێت دەپرسم قەت ڕێک نەکەوتووە بۆنێک یا ڕەنگێک

یا دیمەنێک یا هەڵوێستێکی دیاریکراو، لە تێکهەڵچوونێکی شوێنکاتدا ڕای نەگرتبی و بە هەردوو دیوی خۆشی و ناخۆشییەوە ئاخی پێ هەڵنەکێشابی، کە پەیوەست بووبن بە ڕۆژێ لەڕۆژانی ژیانت؟
بێگومان پێم دەڵێی وایە و لەوەش واوەتر دڵگەرمیەیەکیشی پێبەخشیوم..
دە ئەو گرتە دیاریکراوەی لەپێشدا باسمان کرد کە بێدەستی خۆت ڕات دەگرێ و هەستێکی وروژێنەرت لە جوانیی واقیعێکی بەسەرچوودا دەداتێ و بەخۆت نییە لەگەڵیدا دێیەوە، ئەوە ئەو (ساو)ـەیە باسی دەکەین و لە کەشوهەوایەکی نەرم و نیاندا گرت دەداو بەدەسەڵاتێکی بێ هاوتاوە دەتباتەوە ڕابردووی دارا و باڵانوێنەوە.



(2) جۆلانە



(3) فانۆس کە ڕووەتی پەیدا کردۆتەوە

ساوی ئەو گرتانە زۆرجار ناویان لێ دەنێین ئارشیڤ. لە حاڵێکدا ڕەنگە ڕۆشنایی و نهێنیمان هەر بەهەمان حوکمەوە، بە چیترنا ، خۆی لە زەوینەی پاکدامەن و بە نەوا و هارمۆنیا و پێ لەجێی شیعر بدات، ئینجا تۆ بیری لێ بکەوە...

لەو ڕاستەدا ڕوونبینایيەتی ساو لە گرتەیەکی دیاریکراودا کە ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر بەخۆت



(4) هەژار لە منداڵی دا



(5) گوڵە شلێر

تێیدا ژیاوی یا ڕەنگە لە مندالّیی یا هەرزەییدا لە مالّێدا یاخود لە قوتابخانەدا یا لە مالّە هاوسێ یا خزمێکتان لە چوارچێوە گیرابێ و بەدیواریدا هەلّواسرابێ..

ئەمن بۆ ئەوانەی لەتەمەنی خۆمدان، (کیژی کافرۆش) بەنموونە دەهێنمەوە ئیتر با بەخۆیان سەرپشک بن لە هێزی ئەو لەگەلّهاتنەوەیەدا کە ئێستا ڕۆژێ ناکاو لە وێنەیەکی ئەو کیژە شۆخە هەلّدەنگوون..

ئەوەیە (ساو) کە ئێمە لەم جارەدا ویستمان بەو یادەوەریانەیان گرێ بدەین، گرتەیەکی فۆتۆگرافی ئەوان سەردەمانەیش ختووکەیەکی دیکەشی دێتەپالّ کە ئەویش ئەگەر لێم لا لووت نەبی دەلّێم ختووکەی ساوی دنیای پاک و بێگەردە کە هێشتا مرۆڤ لە شێوەی ئێستایدا تەسلیم بە مەکینەو ئالەتی دەسکردی خۆی نەببوو..



(6) قوتابیانی لادێ



(7) لە زەماوەند دا

ئەمن لێرەدا باسی سیاسەت و تونێڵە مارپێچەکانی ناکەم، بەقەد ئەوەی لە هەستێک ڕادەمێنم کە سەنگدڵی سەردەمی ماندوو ڕامان و سادەیی و ساوی دڵنشینی ژیانی لەبیر بردووینەتەوەو هەستکردن بەوەی ناومان لێناوە (ساو)ی لەلادا کزو لاواز کردووین..



(8) گوڵی بەر پەنجەرە



(9) کە قوتابی قۆناغی ناوەندی بووم لێرە دەمخوێند



(1) سەما

## 5

پێشزانی لەبەرپا کردن و وەبەرنانی هەستی ئەو (ساو)ـەی باسی دەکەین لە خۆیدا بەڕادەی تێگەیشتنی وێنەگرەوە لە بەهاو بایەخی گرتەیەکی دیاریکراودا نەک هەر گرنگە، بەڵکو مەرجی دڵنیایی داهێنانیشە بۆ خودی وێنەگر.. بە نموونە دەخوازێ وێنەگر لەوە بگا ساوی گرتەیەکی بەردێک یا کەپکە شاخێک هەستی پێ

دەبـزوێـنـدرێ، هـەمـان بـەردو کەپکە شاخ بەدیتنی ئاسایی ئەو هەستەمان وەبەرناهێنێ.
لێرەدا کێشەی گرتنی کامێراو سێـرەلێـگـرتن و دیـاریـکـردنی گۆشەی هەڵبژێردراویش دێتە گۆڕێ، کـە نـاتـوانـین لـە خـوڵـقـانـدنی ساودا خۆی لێ ببوێرین و بەهیچی تێنەگەین.
من بەخۆم گرتەی فۆتۆگرافم وا دێـتـە بـەرچـاو بـەشێک بێ لـە (گشت) یـان پـارچـەیـەک، لـە (هەموو)..
بەڵام با لەبیرمان نەچێ کە لێرە قـسـە لـەسـەر بـەش و پـارچـە تێناپەڕێ باوەکو لە (گشت) و



(2) دیاری



(3) بێ توانج

(هەموو)یش هەڵێنجرابن..
(ساو) بەهێزی پێشزانی و خوێندنەوەی ڕۆحی شتان لە تێکەڵاوبوونێکی عاشقانەی کات و شوێندا دەخوڵقێندرێ..
ئەمن باسی شارەزایی و نهێنییەکانی ڕوانین و لێخوردبوونەوەش ناکەم کە لە کەسێکەوە بۆ ئەوی دی دەگۆڕێ..
ئاخر (ساو)یش گرفتی خۆی هەیە لەتێگەیشتن و لێکدانەوەدا..
جار هەیە هەندێ لەو گرفتانە دەگەنە ڕادەی ژان..
تۆ بڕوانە: زۆر گرتەی وا هەیە شادییەک، زەماوەندێک دەردەبڕێ، ئەو گرتەیە لای من بەسەر بانیژەی خۆشیاندا دەڕوانێ، ئاوازێکم لەناخدا دەنگدەدا، خوێنم لەدەمارانددا دەبزوێنێ و گەش دەنوێنێ... کەچی هەر هەمان گرتە، یا هەر گرتەیەکی دیکەی تۆ



(4) توانەوە




(5) ئەو گوڵانەی ڕۆژانە پێشێل دەکرێن

شـــــادی وکۆڕگـــــەرمی و ناسکنیشانی تێدا دەبینی، لای کـەسێـکی دی چـونـکـە بـەچـەنـد یـادەوەریـیـەکی ئازارنیشانەوە بەندە، تەماشا دەکەی دووچاری نـیـگـەرانی دەکا، بەڕادەیەک ڕەنگە ئاخی قـــووڵ قـــووڵـــیـــشی پێ هەڵکێشێ و برینە تەنانەت سـاڕێژبـوونـەوەکـانـیـشی بـکـولێـنێـتەوە.. ئەوەش هـەر (سـاو)ـە کـەڵـە جـوولـەی ڕاوەستێنراو لە ڕواڵەتدا، بەڵام بەردەوام لە ناوەوەی گرتەکەدا خۆی دەنوێنێ، کە ئەمەیان ڕەنگە (لێرەدا دەڵێم ڕەنگە) بە (کات)ـەوە پەیوەندتر بێت تا (شوێن)..



(6) بارەگای ڕۆژنامەی (خەبات) لە شەوی نەورۆزی 2005 دا



(7) خوێندنەوە



(1)

# 6

زۆرجار تەوژمی خەیاڵێکی ناسک لە گرتەیەکی فۆتۆگرافدا لەو گۆشەیەوە خۆی هەڵدەکوتێ و نەشئەیەک دەبەخشێ لە نەشئەی ئەستێرەی کازیوە دەچێ کە هەستی پێدەکەین، لێ ناتوانین لێکیبدەینەوە یا ناوێکی لێ بنێین...

ئەو نەشئەیە لە بەسەرچوونی (کات)ـەوە سەرچاوە دەگرێ و ئەو گۆشەیەش دیارە جیاوازە لەو گۆشەیەی بە کەرەستەو کولتوور و ڕادەی نیگەرانی

ئەمڕۆ گرتەیەکی دیاریکراوی تێ دەگیرێ..
ئەگەر نموونەت ویست هەر لە وێنە ڕیزکراوەکانی ناو ئەلبوومەکەی خۆت بەدوایدا بگەڕێ، یا لە گرتەی دیتراوەیەکی ئارکیۆلۆژی کە سەرەڕای خودی ئەو هونەرەی تێیدا دەردەکەوێ، ڕەگەزی (کات)یش کە ئێمە بەمێژوو دەیخوێنینەوە، بەهاییێکی دیکەی پێ دەدا..
لەو ڕاستەدا هەوای ڕۆحیش هاوکێشەکە ڕاست دەکاتەوە، ئاخر فۆتۆگرافیش، ئەگەر هەڵکەوتێکی ڕۆحیشی نەبێ بەوەی ئامێریکی تایبەتی تێدا پشکدارە کە ناوی کامیرایە، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین ئەو ئامێرەیش هەمیشە دەست و چاوێکی لە پشتەوەیە، سەرەڕای ئەوەی بە مۆدی هاوێنەو لە قاوخێکی کولتووری جیادا گیراوە..
من باس لە ڕەگەزی (کات)



(2) خۆم لە ئەلبومی خۆمەوە



(3) ناوچەی باڵەکایەتی - 1953



(4) گەڵاڵە- تیپی کۆڕاڵی سروودو گۆرانی قوتابیان - 1971

دەکـــەم، ڕەگـــەزی ئـــەوەی دەچێـــتـەوە سـەردەمێک، یـا کەشوهەوایەکی دیاریکراو..
ئـەو گـرتـانـە (سـاو)ێـکی ئـەفـسـوونـاوی بـەمـرۆڤ دەبـەخـشـن، دوور نـیـیـە لـە هەندێ جەوسەردا لەگەڵ ئەوەی لـە دنـیـای شـیـعـردا بـە پیشەسازی سەبک و دەربڕین دەناسرێتەوە تێک بکەنەوە..
ئـەو بـەسـەرچـوونـە لـە کـات و مێژوودا لـەلایـەک یـادەروەری لای ئەوانە دەورووژێنێ، خودی خۆیـانی تێـدا ژیاون و بـووە بە بـەشێک لـە یـادەوەری و ئـەزمـوونی کـەڵـەکـەبـووی نـاخـیـان و (سـاو)ی ئـەوان سەردەمـانـەیـان تێـدا وەخـەبەر دێنێ..
لـەلایـەکی دی نـەوەی نـوێ دەخاتە بەردەم پرسیارو ڕامان، شتێک بارتەقای تێگەیشتنی خۆی لە چـرکـەسـاتی مێژوو و جوگرافیادا..
هەر لێرەدا هـاوکێـشـەیـەک لە



(5) دارگوڵ



(6) گوڵە خوناولێدراوەکان



(7) ساپ ساپانێ

تێکـەڵـبـوونی کات و شـوێن پێـــکـدێ کــە (ســاو)ێـــکی چەشەبەخشی وای لێدەکەیتەوە مەپرسە..
ئـەوە هـەمـووی لـەو گۆشـەیـەوە دێ کـــە دوور لـــە ڕوانـــین و جیهـانبینی ئـایدیۆلۆژیای بێ گیان یەکدەگرنەوە..
ئەم (ساو)ــە، ئەو (ساو)ــەیە بێ تـاویت لـە کۆڵ دەکـاتەوە و بــــاری کــــەوتــــووت ڕاست دەکاتـەوە، چەشنی ئـاوازێکی خـەمـنـاک و دوور لـەدێـری دێرینەوە هاتبێ دەیبیستین و نایبیستین..
وەک ئەو نامانەی هەمیشە لە دڵـمدانـدا کۆی دەکـەیـنـەوەو جـــورئـــەت نـــاکـــەین بییاننووسین...



(8) لە بەرابەر ئاسۆی ئەرخەوانیدا



(9) لە ئەلبوومەوە

# 7



(1) بێ سنوور

وێنەگر وەختێ لەگەڵ دیمەن یا گۆشەیەکی دیاریکراوی ژیاندا دێتەوە، دەیەوێ بەو ئامێرەی بەردەستی هەستی جوانی، لە بێدەنگییەکی هەڵوەدای شوێنکاتدا جوولەت لەوەستان و سادەییت لە ئاڵۆزی و خۆشەویستییت لەکینەدا بۆ هەڵێنجێ و (ساو)ێکت بداتێ خەمبار لە تۆغیانی شادیدا یاخود شاد

لەکانگەی خەم و کۆڤانان...
بەلا ئەو (ساو)ە هەر بۆ ئاگاداری دیارە بەهەموو وێنەگرێک نایەتەجێ ئەگەر لە ڕوانین و پاشخانێکی کارتێکراوەوە هەڵنەکێشرابێ...
ئەوە کاری ئەوانە نییە تەنێ لە ڕووکەشی مەوداو کرانەوەی هاوێنەو مۆدێلە جیاجیاکانی کامیرا جۆراو جۆرەکانەوە بەڵەدن و هیچیتر...
ئاخر (ساو) بەوێنەدان گاڵتەی پێ ناکرێ، بەڵێ ڕەنگە، هەندێ گرتەی ئەو وێنەگرانەش کە بە تەنیا لە بارەی میکانیکی کامیراوە دەزانن ئەڵڵا خوایی، یا لەهەل و مەرجێکی تایبەتیدا چەند تاڵە تیشکێک لەو ساوە بدەنە بینەر، بەلام ئەو (ساو)ە، ئەو (ساو)ە نییە ڕاتبگرێ و بەخششی (خود)ت لادا هەڵقەنێنێ و بۆنی گیابەندو


(2) چۆلەکەیەکی تەنیا


(3) هەرمێ


(4) چاوەکان هەرگیز ئومیدیان لێ ون نییە




(5) ئینجانە



(6) ئەو دەستانەی بەردەوامی بە ژیان دەدەن

بارانی ناوەخت و ماجەرای
یەکەمین خۆشەویستیت
بەبیربێنێتەوە...
لێرەڕا ئەو نموونانە بەخۆیان و
بە (ساو)ـە درەوشاوەکانیان،
وێنەی چرایەکی هەمیشە
هەڵایساو لەبەر بادا
دەردەکەون...
لە سیمای ڕاماناوی ژنێکەوە
بگرە تا هەرمێیەکی شەونم
لێدراو، تا دوو هێشووە ترێی

بـنـەمێـوێک، تـا ئـەو چـاوە
خەمـاوییـە شادی بـەخشـانـەی
هەرگیز ئومێدیان لێ ون نابێ،
تا چۆلەکەیەکی تەنیا، یا ئەو
دەسـتـە تژی بـەخـشـشـانـەی
بەردەوامی بە ژیان و بە بوونمان
دەدەن و تا.. و تا دوایی..
ئـەوانـە وهی دی و هی تـریش،
لـەو چەشـنـە گـرتـانـە وات لێ
دەکەن بەدوای شتێکدا بگەڕێی
کە نازانی چییە..
کـەچی هـەست دەکـەی بـەشێک
لـە جـەوهـەری بـوونمـان پێک
دەهێنن...



(7) سیما



(8) چایەک لە ئاسوودەییدا



(1) دیاری

## 8

هەمیشە ئەو موچرک و ختووکانەی لەبەرابەر گرتەیەکدا دامانده‌گرێ و لە باڵانسی هاوسەنگبوونمان دەدا، لەو (ساو)ەوە سەرچاوە دەگرێ کە گرتەکە دەنگ و ڕەنگ و تەوژمە درەوشاوەکانی وێنەگری لە ڕووبەڕوو بوونەوەی شوێنکاتدا بەخۆوە گرتووە..

ئەو ساوە، ئەو نهێنیانەن، داهێنەران وەک نیشتمانی

خۆیان دەیانبینن، دڵئاوا و بەخشندەو ڕوو لە هیوا..
با ئەو گرتەیە تراژیدیایەکیش پیشان بدا..
لە وێنەدا ئەگەر ماسک و دەمامکیش هەبن ناشاردرێنەوە، لێرەدا من باس لەو گرتە سادەو ڕووتانەدەکەم، نەک ئەو وێنانەی (بەهەر مەبەستێک بێ) پرۆسەی فۆتۆمۆنتاژیان بەسەردا دەسەپێنرێ.. دیارە ئەوە قسەی دیکەی دەوێ..
تۆ لێرامینە.. لەو وێنانە



(2) رەهایی



(3) چیا.. پەنای هەمیشە پەنا


(4) ژیانی کێوییایەتی


(5) گەلاڵە... بە کامیرای خۆم

ڕامینە، بن بەردێک لە هەل و مەرجێکی دژواردا داڵدەی مرۆڤ دەدا..
ئەم گرتەیە، هەر وێنەگرێک گرتبێتی ئەو ساوەی نەدەبوو ئەگەر لە جیهانبینییەکی هەروایی بێ ڕامان و ڕوانین هاتبا، یا دەستی ئەو ئاسنگەرەی ئاسن دەچەمێنیتەوەو سەروکاری لەگەڵ ئاگردایە، یا ئەو باڵدارەی لە ئاسۆیەکی



(6) ئاواز



(7) هەنگاوی ورشەدار

ئەرخەوانیدا بەرەهاییەکی لەرادەبەدەر باڵی واڵا کردوون.. یاخود ئەو هێشووە ترێیەی وەک گەردانەی مرواری بەناو گەڵامێواندا شۆڕ بووەتەوە..
یا ئەو ئافرەتەی گیتار لێ دەداو ئەو پێیەی لەهەنگاونانداو ورشە دەدا (دیوتانە پێ ورشە بدا؟) ئەوەتا لە هەنگاوی ئەو ژنەدا پێ ورشە دەدا..یا ئەو بزنە

کێویانەی بەچیای سەختدا هەڵدەگەڕێن و .. تاد.
هەموو ئەو گرتانە، سەیر دەکەی لە نهێنی سادەیی و نزیکیان لە هاوکێشەکانی ژیانی مرۆڤدا هەست بە (ساو)یان دەکرێ کە لە وردبوونەوەی بینیندا خاکی بە پیتی ڕۆح دەکێڵن..
هەر ئەمەیشە بەشە درەوشاوەکەی جەوهەری بوونمان، چرکەساتێکی دڵنەوایییە، سێبەری دەوروبەرمان تۆختر دەکاو هەتاومان لا خۆشەویستر..


(8) کوتانی ئاسن لە گەرمیدا


(9) مێخەکبەند



(1) تاڤگە

# 9

ناکاو لە سینەمدا ئەستێرەیەکی درەوشاوە هەڵات
هەموو خۆرەکانی ئاسمان لەڕۆشنایی ئەو
ئەستێرەیەدا ون بوون

**«مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی»**

گرتەی فۆتۆگراف لە هەر ئاستێکدا بێ، (وێڕای تایبەتایەتی خۆیشی، بەوەی گۆشەیەکی واقیعی دەگرێ) ناگاتە ئەوەی لەگەڵ ڕەهەندە زیندووەکانی هونەری شێوەکاری کە دنیابینی بەهاداری سەربەخۆی هەیە و


جیا لەمەودا بە سەرنجەکانی ڕەنگ و دەرهـــــاوردەی ئەزموون و قوتابخانەکانیدا، هـەمـیـشـە بـە چـەمک و فەلسەفەیەکەوە پەیوەندە، بێگومان لەو (ساو)ـە باڵا ترو چەشە بەخشترە کە لە گرتەیەکی فۆتۆگرافیدا هەستی پێدەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا بەدووری مەبینە گرتەیەکی فۆتۆگرافی دیاریکراویش، پەیوەندار بە چەندین ئاراستەی جیاجیای شوێنکات لە بینینیدا، لەهیکەوە موچرکێکت، وێنەی تەوژمی کارەبا بەلەشدا بێنێ و لە چەند چرکەساتێکدا بتباتە دنیایەکی دیکەو لە خۆت دابکەلێنێ..


(2) یەکەمین باران



(3) ڕەش و سپی

ئەمە ئەو (ساو)ـەیە، هەمیشە لێی دەدوێـین و پێـمـان وایـە چـرای ڕونـاهـیـبـەخـشی ڕێی نوورو ڕوانین و هەست بەجوانی کردن و دۆزینەوەی ڕێگایە..
ئـــەو (ســـاو) ـــە، (بـــە پارێزوەرگرتن لە پێچوواندندا) بـەو ئـەسـتـێـرە درەوشـاوەی حـەزرەتی مـەولانـای ڕۆمی دەچێت کە هەمـوو خۆرەکـانی ئاسمانی لەبەر ڕووناهیدا بزر دەبن و لێدەچنەوە..
با تەماشا بکەین..
تۆ سەیری ئەو گرتەیە بکە، ژنێک لە شەوێکی باراناویدا لە بانیژە وەستاوە...
لـە بـەرامـبـەردا، لـەو دیـو مـیـنـابـەندێـکەوە هـاوێـنەی


(3) سوڵتانی خەو


(4) ڕێگای خەون

کامێرای ئاڕاسته کراوه..
ژنێک له بانیژەدا، له شەوێکی
باراناویدا....
ڕەنگه لای تۆ (باران) شتێکی
ئەو تۆ نەگەیێنێ، لێ لای من
(باران) قوببەی پرووشاندنی
ڕازه بارگەدارەکان و ماکی
پاکبوونەوه و کانگەی ژیانه..
یا (بژ)ی ئەو ئەسپەی وەک
تەزره بەسەر شان و تەوێڵییەوه
شۆڕ بووەتەوه کەناتوانی
بەلایدا تێپەڕی و سەیری
نەکەی. یاخود ئەو ئافرەتەی،
بەوەرگرتنی ئەو باره ڕۆحییه
دەڵێی مێینایەتی هەموو ژنانی
دنیای دزیوه. یان ئەو ڕێگا به
لۆفەو گەوه له گوڵ و گوڵزار
هەڵکێشراوانەی لەگەڵ دیتنی


(5) گەڕانەوەی ڕان


(6) (بژ)ی زێرین

خۆزگـه دەخـوازی دەسـەڵاتت هەبێ و ئۆتۆمبێل و خۆشبەزی دیکـەی لێ قـەدەغـە بـکـەی، چونکە گوناهە ئەم چەشنە ڕێـگـایـانـە بـە دووکـەڵ و پاشماوەی مەکینان پیس بن، ئـەو ڕێـیـانـە هی ئـەوە نـین ئاسنیان پێدا بڕوا ئەو ڕێیانە، ڕێـگـای ڕۆحن. ڕەنـگـە هـەر بەخەیاڵ خۆتی تێدا بەرجەستە بکەی ئێوارە پیاسەیەکی بە خۆت و خۆشەویستەکەتی لێ دەکەی ... ئەوەندەش بەسە، با بە خەیاڵیش بێ.

ئـاخـیـر لـە بـیـرمـان نـەچێ، بەشێک لەو (ساو)ـەی لە هەر گرتەیەک هەستمان دەبزوێنێ لە خەیاڵی وێنەگرەوە سەرچاوە دەگرێ...

یـا دیمـەنی قژی ژنێـک کـە لـە تاڤگە دەکا.

یا نمەبارانی سەرچەند گەڵایەک کە شەونمی کوێستانانت بە بیردێنێتەوە ... ئەو گەڵایانەی مژدەی پایزی زێڕینت دەدەنێ.


(7) ژنایەتی


(8) پایز لە کوێستاناندا

ئـەگـەر نـهێـنـیـیـەک هـەبێ ئالێرەدایە، ئەو گرتانە، تاک تاک یاخود پێکەوەیان ببینین، تا دوورتریان بخوێنینەوە، زیاتر هەست بە( ساو) یان دەکەین.
(ساو) ئەو نگینەی چەندی بچووکە، بەڵام بەهادارە، بەنرخە.. دەگمەنە.. سەروکاری لەگەڵ ڕۆح دایە....


(9) لە پەنجەرەی بەرامبەرەوە


(10) لە پێناوی ژیاندا



(1) ئامێز

## 10

لەو ئەگەرانەی زۆرجار وادەکەن وێنەیەکی فۆتۆگرافی (ساو)ێکی کاڵ و لێچووەوەی هەبێ، ئەوەیە، وێنەگر بەتایبەتیش لەم سەردەمەدا کە (وێنەکێش- کامیرا)ی دیجیتاڵ و پێشکەوتووی لەدەستی دایە، دێت بەدەیان گرتە بە تەک یەکەوە ڕیز دەکاو دەم و دەستیش خۆی بەوێنەگر تەنانەت هونەرمەندێکی ئەو



(2) شیعر بەجەستە



(3) دڵە بەندکراوەکان

بوارەش دەخوێنێتەوە..
ئەم لەخۆڕازیبوون و مەیدانگیرییە کە هیچ ئاسۆیەکی لەپێشدا نییە..
دەبینی کلیلی ئەفسووناوی خودی هونەرەکە ون دەکاو پەی بە نهێنییەکانی نابا ..
لەو ڕاستەدا هیچ کام لەو گرتانەی کە لە سندووقی کامیراکەی دایکردوون، چونکە بێ (ساو)ن و زیاتر ڕەگەزی ڕێکەوتیان بەسەردا زاڵە بەهەر

هۆیـەکی دیـکـەی بـتـەوێ،
بەنموونە بەرێگای گەورە کردن ،
یـا تـیف تـیـفـەکـردنی بۆ
بڵاوکردنەوە ئەو ڕووەتە پەیدا
ناکەن..
ئێـمـە قـسـە لـەسـەر (سـاو)
دەکـەین کـەلـە بـەخـشـنـدەیی
گرتەکەوە سەرچاوە دەگرێ و به
چەندین ئاڕاستەی جیا جیاوە
ڕاتدەگرن و هەستی (بوون)ت
لەلادا بەهێز دەکەن..
(یا وەک وتمان) گرتەی وێنە


(4) ڕێوڕەسمی پایز (ئامادەکردنی ساوەر)


هەستی جوولەت لە وەستاوی گرتەکەدا بداتێ و ڕوناهی بە ڕوونبیری بینایيت ببەخشێ..
ئەوەی گومان دروست دەکا، خەریکە هەمووومان دەچینە مەیدانی وێنەگرییەوە بۆ ئەوەی لەنهێنی وێنەگرتن و ساوی شتان لە فۆتۆگرافدا بگەین، ئەمە بەڕای من یەکێکە لەگرفتەکانی ئەم هونەرە، کە بەڕاستی هونەرێکی بەزارو سەرنجڕاکێش و یادەوەریپارێزو جوانە..



(5) چاوێکی خومار



(6) کۆلیتی مریشکان



(1) تاهەتایێ

# 11

ڕەنگە پارسەنگی نێوان هونەرمەندی شێوەکار و وێنەگری فۆتۆگرافی لەو چەمکە جۆراوجۆرانەدا بێت (ساو) پێک دێنن.
هەردوولا هەوڵ دەدەن ئەو ڕووبەندانە تێپەڕێنن کە کەرەستەی خاوی (ئەگەر بشێ بگوترێ) پیشەسازی ساوە.
بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێت چەندی هونەرمەندی شێوەکارە بە حوکمی چەمکی داهێنان

لەگەڵ بەرتەسکی ڕووپێودا لەچاو ئاسۆی کاکی بە کاکی فۆتۆگرافدا، مەودای ساوی ئاسانتر و ڕووبەدەرتر تێدا دەردەکەوێ.
لێ وێنەگری کارامە و ئەوەی تێیدایە پەیوەندییە خودییەکانی خۆی لە گرتەیەکەدا بتوێنێتەوە و چەمک و دنیابینییەک بداتە وێنە، دیارە وێنەکەی دەگەیێنێتە ساوێکی بە پیت و بە چاندتر.
هەر ئەو لەنگەرگرتن و باڵانس هێنانەوەیشە ئەو ساوە دەداتە وێنەی فۆتۆگرافی و وادەکا لە پرۆسەی کولتووریدا حسابی بۆ بکرێ و بخوێندرێتەوە.
لەلایەکی دیکەوە گرفتی ڕوانینیش دێتەپێش کەوای دەبینم لە خودی ساوبەخشین بە وێنە کەمتر نەبێ، ئەویش ڕوانینی هزرییە لە ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەو بابەت و



(2) تابلۆیێکی زستانی



(3) نیگا

خوێندنەوانەی وێنەگر لە دنیای نوێ دا.. دنیای سەتەلایت و وێنەی بەبزاو و سینەما، ئەوە ئەگەر باسی ڕۆژنامەنووسیی نووسراویش نەکەین کە هەمیشە و ئێستاشی لەگەڵدا بێ سەری مەیدانێی لە بڵاوبوونەوە و گەیاندنی فۆتۆگرافدا هەبووە و هەیە، بە بڵاوکراوە و گۆڤاری تایبەتیشەوە..

دیارە ڕوانینی نوێ هەمیشە گورێکی دیکە دەداتە ئەو هەنگاوانەی ساو پێک دێن و لە بازنەی داهێنانی نزیک دەکەنەوە..



(4) مندڵانی لادێ



(5) وڵاتەکەم


ئـەوەش بـەوە دەبێت وێـنـەگـر بتوانێت سرووشتی وێنەگیرا و لە گرتەیەکی دیاریکراودا، لە سرووتێکی تایبەت بە خۆی کە پێی بناسرێتەوە دەرببڕێت..
ئـــەو چـــاوەی لـــە پـــشت (وێنەکێش- کامێرا)یشەوەیە پەیوەندی ئەوە دیاری دەکا کە دەیبینین و هەروەها ئەوەیشی نایبینین، مەبەستیشم لە نـەدیـتن زیـاتـر هـەست پێ نـەکـردنـە، کـە وێـنـەگـری هـونـەرمـەنـد و خـودان ڕوانـین بەهۆی ساوێکی شاییئامێزەوە پێشانتی دەدا.
هـەر لێـرەدا ڕوانـیـنی نـوێ لـە بەرامبەر دەوروبەردا بەرجەستە دەبێ، هەر ئـەو دەمـەش ساوی جوانیبەخش بەهەردوو ڕووی ئینسانی و نا ئینسانی دەگاتە چـڵـەپۆپـەی دەرکـەوتن و درەوشانەوە.



(6) کۆن و نوێ



(7) بەڕوو



(1) لە چڵەپۆپەی کارەساتیشدا
ژیان هەمیشە بە ئومێدەوە جوانە

## 12

کارەساتەکانی ژیان لە خۆیاندا فشارو هەڵوەدایيەک ڕووبەڕووی مرۆڤ دەکەنەوە. ئەو کارەساتانە لە گرتەی فۆتۆگرافدا (ساو)ێک دەدەنەوەو لە یادەوەری و وانەو پەندو ڕاماندا هەڵکێشراون... وێنەی فۆتۆگرافی کە ئەمڕۆ لە جاران زیاتر جێی سەرنج و بایەخە، تەنانەت گەیشتووە بەوەی سەردەم بە سەردەمی وێنە دەناسرێتەوە، بەهۆی

ئەوەیە بە ڕووبەدەرایەتییەکی دیار، حەقیقەتەکان دەردەخا... ڕاستیش (ساو)ی گرتەکەیە ئەو پایەیە بە وێنەی فۆتۆگرافی دەداو لە بازنەی هونەری نزیک دەکاتەوە...

من بەخۆم وای دەبینم (ساو)، تەنانەت ئەگەر لە گرتەی کارەساتاوی تراژیدیشیدا تیشکی باوێ هەمیشە بەری لە گەشبینینەو پشت لە ڕەشبینی. ماجەرای ڕووداوەکان لە هەموو گۆشەیەکی ژیان، کە لە وێنەیەکدا ڕادەگیرێن هەم بۆ ئەوەیە لە بیریان نەکەین و لەگەڵ هەستی داکراوی ناخماندا بێینەوەو ڕووی مرۆڤییەتیمان دەربخەن، هەم بۆ ئەوەی پەندو وانەی لێ فێرببین...

سەرت سوڕنەمێنێ، وێنەی فۆتۆگرافی بەو (ساو)ەی لێی هەڵدەقوولێ لەوەش زیاتری پێدەکرێ... هێزی ئامادەبوونی



(2) لە کۆڕەوی 1991ـەوە



(3) بۆ کوێ؟

مرۆڤ کە ئاهەنگ بە وێنە دەداو بینای تیشکبەندی ڕەنگە جاری واهەیە مووجیزان دروست بکا...
(ساو) لەو چەشنە گرتانەدا هەندێ جار لە پارسەنگی جوانی، کە لە بڵاوبوونەوەو لەگەڵ یەک هاتنەوەی خودی پێکهاتەکانی گرتەدا سەرچاوە دەگرێ. دروست دەبێ.
جاریش هەیە لە چوارچێوەی بابەتەوە.
با پێکەوە لەو وێنانە وردبینەوە، لە هەموو ئەو گرتانەدا هاوێنە کە بە چەندین پاشخانی جوانیناسییەوە بەندە، چەند ساتێکی کارەساتاویمان لە چرکەساتی ژیان، لە چرکەساتی کۆشش و بە ژیانەوە نووسان و بەرەنگاربوونەوەی هێزی ڕەش بۆ دەردەخا...
لەو وێنانەدا ئێش و ئازار ئامادەن، باوەکو لە هەندێکیاندا ئینسانەکان وەک



(4) هەرچیمان لێ بکەن هیوامان لێ ون نابێ



(5) تاکەی؟

لە سەیران دابن وادەردەکەون،
بەڵام (ساو)ی کارەساتیش لەو
ناوەدا ون نییە...
هەر لێرەدا کارایی وێنەکێش
لەشکۆیەکی شایاندا، (ساو)ی
گەشبینی و ئومێدمان لەناو
تراژیدیادا بۆ هەڵدەێنجێ...
کە هەر ئەو جۆرە ئاراستانەیش
ژیانمان لەلادا خۆشەویستتر
دەکەن تاڕادەی ئەوەی خۆمانی
لە پێناودا بدەین.





(7-6) ئەوێ ڕۆژێ و هەموو ڕۆژی ژیان لە مردن بەهێزترە




(1) گوڵەگەنمەکانی بەرخۆر

# 13

وردبوونەوەو لێڕامانی گرتەیەکی دیاریکراو لەناو هەرای گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکاندا بە بردنەوەی بۆ جوغزی بازنەی کلتووری، لەخۆیدا هێزی دەربڕین و ئاهەنگی (ساو)ی ڕاشکاوانەتر تێدا دەردەکەوێ. لێرەدا باس ناچێتە سەر بابەت و ناوەڕۆکی گرتە، ئەوەندەی پابەندی گیانی کارتێکردن و سەرسوڕمان

دەبێ، بە هەموو مەوداو ڕەهەندە هونەرییەکانی لە دابەشکردنی قەوارەو بۆشاییەوە بگرە تا دەگاتە پاشخانی هونەری خودی وێنەگر کە ئەگەر لە ڕووی کلتووریشەوە هەژاربێ، دەخوازێ لە سێرەگرتن و تەکنیککاریدا داراو دەوڵەمەندبێ... چونکە بێگومان گرتەی سەرکەوتوو بە حوکمی یەکەو قەوارەکانی



(2) تینیویەتی



(3) سێو



(4) دوو دیمەن



(5) یەکەمین هەنگاو

ناوییەوە بەندەو هەر بەوەش (ساو)ێکی سەرنجڕاکێش و بەدەوی لێدەکەوێتەوەو ئەو تەوژمە دەخولّقێنێ کە لە بنەڕەتدا لە خرۆشی گرتەی وێنەکەدا هاوکێشەی لاسەنگی (ساو)، هاوسەنگ دەکاتەوەو بینەر ڕادەکێشێ. دیارە مەرجێکی تایبەتی لە بازنەی ئەو دەربڕین و دەربڕینخوازییەوە لەو گرتانە ناخوازرێ، لەوە بەدەر کە هەر

یەکێکیان لە چوارچێوەو سنووری خۆیاندا دەخوێندرێنەوە... وەک ئەو نموونانەی لە پاڵ ئەم چەند دێڕەدا داندراون...



(6) درەختەکانمان هەڵدەکشێن



(7) ماچ